لە بەغدا زیاتر لە 700 سەرپێچیکار لە ڕێسا و مەرجەکانی نیشینگە دەستگیرکران



ئەڵف شەمە، وەزارەتی ناوخۆ دەستگیرکردنی ٧٣٨ کەسی بە تۆمەتی سەرپێچیکردن لە ڕێسا و مەرجەکانی نیشینگە لە بەغدا ڕاگەیاند.

عەمید میقداد میری، وتەبێژی وەزارەتی ناوخۆی عێراق لە بەیاننامەیەکدا کەدەست موتەبەع کەوتووە، ڕایگەیاندووە، "بە پشتبەستن بە ڕێنماییەکانی عەبدولئەمیر شەمەری وەزیری ناوخۆ و فەرماندەیی پۆلیسی ڕێسافی بەغدا و فەرماندەیی هێزەکانی پۆلیسی فیدراڵی و مەفرەزەکانی دەزگای هەواڵگری و بەرەوبەرایەتی باری شارستانی هەڵمەتێکی بەرفراوانیان ئەنجامدا بە لەکۆینەوە لە کرێکارانی عەرەب و بیانی و دەستگیرکردنی ئەو کەسانەی سەرلەنوێ سەرپێچی دەکەن لە ڕێسا و مەرجەکانی نیشینگە و ئەوانەی بەبێ ڤیزەی فەرمی هاتنە ژووروە هاتوونەتە نێو وڵات بە دەنیابوون لە بەردەوامی ئاسایش و سەقامگیری".

میری وتیشی، " هەڵمەتەکە بووە هۆی دەستگیرکردنی 738 کەس کە سەرپێچی یاسا و مەرجەکانی نیشینگەیان لە بەغدا کردووە، هەروەها ڕووشوێنی یاسایی پێویست بەرامبەریان گیراوەتەبەر".